# "بەڵێ سەرۆکی پەرلەمان لە تیانوسێکدا زانیاری نادروستی پێشکەش بە دادگا کردووە"

## وەڵامێك بۆ رونکردنەوەکەی سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

لەوەڵامی لێدوانێکی ئینستتیوتی پەی، سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمان لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت: "وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جگە لە نووسراوی ڕاسپاردنی پارێزەران بۆ نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان لەبەردەم دادگاکە هیچ نووسراوێکم ئاراستەی دادگای فیدراڵی نەکردووە، چونکە داواکان لە سەر پەرلەمان بوون نەك لەسەر کەسی سەرۆکی پەرلەمان، پارێزەرانیش وەڵامی هەر پرسیارێکیان لە چوارچێوەی کاری پیشەییاندا دابێتەوە، چ بە زارەکی و چ بە لائیحەی داوا، گوزارشت نیە لە ڕای کەسیی سەرۆکی پەرلەمان".

ئێمەش وەك ئینستتیوتی پەی هەر ئەوەندەمان وتووە کە سەرۆکی پەرلەمان دەیلێ، بەڵام بەڕێزیان کە دکتۆرایان لە یاسادا هەیە، لە بری ئەوەی ئەو پسپۆری وشارەزاییەیان لەپێناو بەرگری کردن بێت لە یاسا، کەچی هەوڵی ئەوە دەدا یاسا بشێوێنێ بۆ ئەوەی راستیەکانیان لە خەڵکی ون بکات. بێگومان کاتێك سکاڵا لەسەر پەرلەمانی کوردستان تۆمارکراوە، داواکە کەسی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێزیان سەرۆکی ئەو دامەزراوەیە بوونەو نوێنەرایەتیان کردووە، بۆیە سکاڵاکە لەسەر بەڕێزیان بووە سەرباری پیشەکەیان.

هەروەك رونە سەرۆکی هەر دامەزراوەیەکیش کە داوای یاسایی لەسەر تۆماربکرێت، زۆرینەی کات خۆیان لەبەردەم دادگادا ئامادە نابن و بریکار (وکیل) و ڕێپێدراو وەك نوێنەر دەنێرن. لەم پێناوەشدا بەڕێزیان بە نوسراوی فەرمی ژمارە (٣٩٢٩/٥/٤) لە (٢٠٢٢/١٢/١٤) سێ نوێنەریان وەك بریکار (وکیل) بەناوەکانی (د.وەعدی سلێمان مزوری، وریا سەعدی، شەرمین خدر بەهجەت) بۆ دادگەی باڵای فیدرالی دەستنیشان کردووە، تا لەبەردەم دادگا ئامادەبن بەهۆی ئەو سکالایانەی بە ژمارە (٢٣٣/اتحادية/٢٠٢٢) و (٢٣٩/اتحادية/٢٠٢٢) و (٢٤٨/اتحادية/٢٠٢٢) و (٢٥٣/اتحادية/٢٠٢٢) لەسەریان تۆمار کراوەو لەبری سەرۆکی پەرلەمان ڕەخنەو تانەو بەرگری خۆیان پێشکەش بکەن.

هەر بۆیە پارێزەران و بریکارانی سەرۆکی پەرلەمان لەبەردەم دادگادا وەڵامی هەر پرسیارێکیان دابێتەوە، یا هەر تیانوس (لائحە)یەکیان پێشکەش کردبێت، گوزارشتیان لە ڕای سەرۆکی پەرلەمان کردووە وێرای پیشەکەی. چونکە بەپێی یاسا بریکار هەمان رۆلی ڕەسەن دەبینێ (الوكيل كالاصيل) تا ئەو کاتەی لەلایەن کەسی بریکاردەر (موكل)ەوە دەسەڵاتیان لێ وەردەگیرێتەوە، خۆ سکاڵا لە دژی بریکارەکان تۆمار نەکراوە تا وەڵام و تیانوسەکانیان گوزارشت لە رای کەسی خۆیان بکات.

هەر بۆ بەرچاو روونی، لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/١٢/١٨) بریکارەکانی پەرلەمانی کوردستان داوای کاتیان کردووە بۆ وەڵامدانەوەی داواکان، ئەوەبوو دوای ئەوەی گەڕاونەتەوە پەرلەمان و پرسوڕایان بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە، بە ئاگاداری بەڕێزیان لە رۆژی (٢٠٢٣/١/٢٢) تیانوس (لائحة)یەکی (٩) لاپەڕەییان وەك وەڵامی سکاڵاکاران پێشکەش بە داگا کردووە کە لە رۆژی (٢٠٢٣/١/٣٠) بە ژمارە (٢٠٥) لەداگای باڵا بەفەرمی وارد کراوە، لە خاڵی (٨)ی تیانوسەکەدا لە وەڵامی (د.یوسف محەمەد سادق)دا هاتووە: "سەبارەت بە وتەی داواکار بە داخستنی پەرلەمانی هەرێم بۆ ماوەی دوو ساڵ لە لایەن سەرۆك مەسعود بارزانیەوە، تەنها وەکو تاوانێکە کە داواکار بەبێ هیچ زۆرلێکردنێك ئەنجامی داوە، ئەگەر نا دەیتوانی بەڵگەیەك لەسەر راستی و دروستی ئەم تۆمەتە ناڕەوایەی پێشکەش بکات، وە پێدەچێت بەم درۆیە داواکار ویستبێتی چاوپۆشی لە بێتوانایی خۆی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی پەرلەمان بکات، کە نەیتوانی لەبەر

ئاست نزمی و سەختی لەخۆگرتن و ئیدارەی ململانێی فراکسیۆنە سیاسی و ئاراستە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان بدات، هەر ئەوەش بووە هۆی دروستکردنی قەیرانێکی سیاسی لەناوەوەو دەرەوەی پەرلەمان. ئەمەش وای لە داواکار کرد پەرلەمان بەجێ بهێڵێت و لە ماڵەکەی خۆی لە شاری سلێمانی نیشتەجێ ببێت. بەم جۆرەش ئەستەمە بەهۆی ئامادەنەبوونی بەردوامی سەرۆکی پەرلەمانەوە، کاروبارەکانی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی زۆر بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، هەر بۆیەش بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان جێگرەکەی شوێنی گرتەوەو پەرلەمان لەئەنجامدانی کارەکانیدا بەردەوام بوو".

ئاخۆ لەمە روونتر ئەبێ چی بێت؟ ئایا چەندی ئەو زانیاریانە راستن کە بریکارەکان بەناوی سەرۆکی پەرلەمانەوە بە دادگایان داوە؟ لەبەر چی دەبێت سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیە زانیاری ناڕاست پێشکەش بە دادگا بکات؟ ئایا ئەم هەڵوێستەی لەگەڵ ئەو سوێندانەیدا وێك دێتەوە کە لەپەرلەماندا خواردوونی؟! ئەگەر بەڕێزیان بێئاگایی خۆیان لەم تیانوسە دەردەبڕن، ئەوا لەگەل زانیارییەکان و لۆژیك و یاساو کاری پەرلەمانی و دامەزراوەییدا وێك نایەتەوە. چونکە بێئاگابوون لێی نەنگییە، چۆن دەبێت سەرۆکی دامەزراوەیەکی گرنگی وەك پەرلەمان، دکتۆرای لە یاسادا هەبێت، لە پرسێکی وا هەستیاری نێوان هەرێم و بەغدا، لەسەر دامەزراوەیەکی وا چارەنوسساز، نوێنەرەکانیان (گوایە بۆخۆیان ئەم قسانەیان کردووە)، ئاگاداری لائیحەیەکی نۆ لاپەڕەیی گرنگی لەم جۆرە نەبێت کە یەکەم لائیحەیان بوو لەسەرەتای پرۆسەی دادگایی کردنەکەدا پێشکەشی دادگایان کردبێت؟ ئەی ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ئاگادار نەبووە، دواتر کە پێی زانی لێپێچینەوەی لەگەڵ بریکارەکاندا کرد؟ داوای چاوپۆشی لەو لائیحەیە کرد کە پێشکەش بە دادگا کراوە؟ بریکارنامەکەی لێوەرگرتنەوە؟ نەخێر، چونکە کاتێك ئەم یاداشتە پێشکەشکراوە سەرەتاکانی پرۆسەی دادگاکە بوو، چوار مانگ دواتر و لە کۆتایی مانگی پێنجدا پرۆسەی دادگاییەکە کۆتایی هات. نوێنەرەکانیش بەردەوام بوون، کەواتە سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداری ئەم لائیحەیە بووە، بۆیەش رێگەی پێداون بەردەوام بن.

لە کۆتاییدا دەڵێین، ئەوەی ئێمە لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی رۆژی (٢٠٢٣/٧/٢) باسمان کرد سەبارەت بەو خاڵە، تەنها دڵۆپێکە لە دەریایەك لەکاری نایاسایی و پێشێلکارییەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لەماوەی چوار ساڵی خولەکەیاندا کردوویانە، خۆ ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لە دوای ئەو رونکردنەوەی ئێمە جارێکی کە ئینکاری لە نەبوونی ئەم لائیحەیە بکات، ئەو کاتە وەڵامی ترمان بۆی دەبێت.

هەر بۆیە جارێکی تر رای گشتی ئاگادار دەکەینەوە، کە وێنەی تیانوس (لائحة)ەکە لای ئێمە پارێزراوە، بەڵام لەبەر پرسی پاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی دادگاو ئەو بەڵێنەی داومانە بڵاومان نەکردۆتەوە، خۆ ئەگەر سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمان هەر سور بێت لەسەر رەت کردنەوەی، ئەو کاتە ناچار دەبین لەپێناو متمانەی خۆمان، تیانوسەکە بڵاو بکەینەوەو ئۆباڵەکەیشی بخەینە ئەستۆی بەڕێزیان، ئەگەر بەڕێزیشیان پێیان وایە زانیاریەکانمان راست نین و ناومان زڕاندووە، دەتوانن لە دادگا سکاڵامان لەسەر تۆمار بکەن.

لەگەڵ رێزماندا

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٣/٧/٤**

Address: Iraq- Kurdistan region- Al-Sulaimanaiyah- Salim Street- Shameer Building. / Erbil-Runaky Street- Runaky Building. www.payinstitute.org – Facebook.com/payinstiute. Email: payinstitute@gmail.com / sarwary74@yahoo.com / Mobile: +9647701564576 / +9647715620829